# نارینا کوردی:

# زۆر دەرکەوتنی هونەرمەند خەڵک بێزار دەکات

**نارینـــا کوردی خەڵکی شـــاری (وان)ە لە باکووری کوردســـتان و هەر لە تەمەنێـــك زوودا گۆرانی گوتووە، ئێستا لە کوردستانی ئازاد نیشتەجێیە و خەریکی خۆ ئامادە کردنـــە بۆ چەند کارێکی هونەری نـــوێ، بۆیە بە پێویســـتمان زانی لە نزیکـــە بیدوێنین دەربارەی کارە هونەرییەکان و بەرهەمە چاوەڕوان کراوەکانی بۆیـــە لە پەیوەندییەکدا ئـــەم دیمانەیەمان لەگەڵیدا ســـاز کرد.**

*** نارینا کوردی ناوی هونەرییە یان ناوی راستەقینەی خۆتە؟**

- نەخێـــر نـــاوی راســـتەقینەم ( جان ســـۆی )ە و نارینا کوردی تەنیـــا ناوێکی هونەرییە، ئەم ناوەش مامۆســـتاکەم بۆی هەڵبـــژاردووم لە ســـەرەتای دەســـتپێکردنی کاری هونەریم، ئەم مامۆســـتایەم خۆیشـــی هونەرمەند بوو و هەموو ئاواتی ئەوە بوو هونەرمەندان پێ بگەیەنیت و فێری زانستی هونەری و مۆسیقایان بکات .

*** بەشێوەی ئەکادیمی لە بواری هونەریدا چیت خوێندووە؟**

- بەداخەوە نەمخوێندووە و تا ئێستا هیچ ئامێرێکی مۆسیقیش ناژەنم، هەرچەندە زۆر حەز دەکەم ببم بە ژەنیاری کەمان و ئۆرگ، بەڵام مامۆســـتاکەم پێم دەڵێ تۆ هێشـــتا لە ســـەرەتای تەمەنی هونەریدای و ئەگـــەر زۆر بە ئۆرگـــەوە ببەســـترێیەوە رەنگە لـــە دوارۆژدا ئەوەنـــدە خۆشەویســـتیت بۆ گۆرانی گوتن نەمینێت و لێی دوور بکەویتەوە.

*** زیاتر ئارەزووی گۆرانی گوتنت هەیە یان ژەنیاری و مۆسیقا؟**

-هەر کەســـێك ئـــارەزووی تایبەتی خـــۆی هەیە، خوای گەورە بەهرەی گۆرانی وتن و دەنگخۆشـــیی بە هەندێـــك کەس داوە، هەروەهـــا بەهرەی ژەنینی مۆسیقاشی بە هەندێك کەسی تر داوە و هەر کەسێك ئـــەو کارەی ئارەزووی لێیەتی دەیـــکات، من خۆم عاشـــقی هونەری خۆمم، لە هەمـــان کاتدا دەتوانم خـــۆم فێرە ژەنینی گیتاریش بکەم بەڵام ئەم کارە بۆ من کاتێکی زۆری پێویســـتە تا بتوانم زۆر بە باشی فێری ژەنین ببم

*** ئەگەر دوای ماوەیەك گیتار بە تەواوی فێر بووی، ئەمە لە گۆرانی گوتن دوورت ناخاتەوە؟**

- باوەڕ ناکەم هیچ شتێك هەبێت لە دونیا لە گۆرانی گوتنـــم دوور بخاتەوە، بەڵام ئاســـاییە و بگرە زۆر باشتریشە ئەگەر لە یەك کاتدا گۆرانی بڵێم و بتوانم ئامێری گیتاریش بژەنم.

*** سیدی تایبەتت هەیە؟**

- لە تورکیا ســـیدیەکم بڵاوکـــردەوە بەناوی (نارین ئەزەلیـــان) بەداخـــەوە بێ ئەوەی مـــن لێرە بڵاوی بکەمەوە بڵاوکرایەوە لە رێگای کۆپی کردن، ئەمەش زۆر نارەحـــەت و دڵگرانی کردم بۆیە بریارمداوە لەو ماوەیەدا ســـیدی بڵاو نەکەمـــەوە، بەڵام لە ماوەی چەند رۆژێکی دیکە گۆرانییەکی نوێم بە شـــێوەی کلیپ بڵاو دەبێتەوە کە لە هۆنراوەی مامۆستا نیهاد و ئاوازی کاك زانا جەبەلییە وســـیناریۆو دەرهێنانی سامان عەدنانە.

*** هەڵبژاردنی تۆ لە گۆرانی (ناز مەکە) لەگەڵ هونەرمەند عەزیز وەیسی چۆن بوو؟**

- مـــن و کاك عەزیز و ســـەعید گاباری لە کۆنســـێرتێك بووین، دوای تـــەواو بوونـــی کۆنســـێرتەکە هونەرمەند عزیز وەیسی وتی حەز دەکەم کلیپێکت لەگەڵ ئەنجام بدەم، منیش رازی بووم و کارەکەمان ئەنجامدا و منیش زۆر دڵخۆش بووم و کلیپەکەمـــان ئەنجامدا و پێموایە زۆریش سەرکەوتوو بوو ئەمەش زۆر دڵخۆشی کردم و بووە هۆی زیاتر دەرکەوتن و ناسینم لەلایەن ژمارەیەکی زیاتـــری جەمـــاوەرە و یەکێکە لـــەو کارە جوان و سەرکەوتوانە کە هەمیشە شانازی پێوە دەکەم.

*** خۆشترین کات لای تۆ چی بوو لە تۆمار کردنی (ناز مەکە)؟**

- بۆ مـــن کاتێك عەزیز بایســـکلەکەی لێدەخوڕی یەکێك بوو لە دیمەنە خۆش و سەرنجڕاکێشەکان.

***لەو گۆرانییەدا هیچ گرفتت بۆ دروست نەبوو؟**

- نەخێـــر ناتوانم بڵێـــم گرفتم بۆ دروســـتبوو، بەڵام فۆنەتیکی من بۆ شـــێوەزاری سۆرانی





تا رادەیەك من خۆم لێـــی رازی نەبووم، هەرچەندە ماوەیەك پرۆڤەشـــمان كرد، بەڵام بە ڕای من ئەمە بە گرفت دانانرێت و شتێكی ئاساییە، چونكە ئێستا ریكلامێكـــی بازرگانیم ئەنجامداوە ئەویشـــیان بە شێوەزاری سۆرانییە، بەڵام لەو ریكلامەدا فۆنەتیكی سۆرانیم زۆر باشترە لە گۆرانییەكە.

*** ئەگەر بە توانجیش بێت كەس پێی نەگوتی تۆ و عەزیز وەیسی لە زۆر رووەوە لە یەكتری دوورن و چۆن دەبێ گۆرانی لەگەڵی بڵێی؟**

-بەڵێ لەوانەیە ئەو قســـەیان كردبێت، بەڵام سمێڵ و شـــێوە وجلوبەرگی هونەرمەند عەزیز وەیسی بۆ من هیچ گرفتێـــك نییە. گرنگ ئەوەیە دوو دەنگ لە یەك گۆرانیدا باش و خۆش بوون و گونجان.

***گۆرانی هونەرمەندانی نەمر و خاوەن ئەزموونت دووبارە نەكردۆتەوە؟**

- لە یەكەم ســـیدیدا هەموو گۆرانییەكان نوێ بوون تەنیا یەكیان هی هونەرمەند (كازۆ) بوو، بەڵام من زۆر حەز لە گۆرانییەكانی هونەرمەندان تەحســـین تەها و عایشەشـــان دەكەم لـــە تەلەفزیۆن و رادیۆ و كۆنســـێرتەكاندا گۆرانییەكانیان دەڵێمەوە و بە نیازم گۆرانی (ئاســـۆ)ی هونەرمەند تەحســـین تەها بە كلیپ بڵاو بكەمەوە، بێگومـــان ناتوانم وەك خۆی بیڵێمەوە، بەڵام ئەگەر باشـــتر نەبێـــت ئەوا خراپتر نابێت،چونكە كارێكی زۆرم لەسەری كردووە و هەر كارێك بكەم بـــە جددی دەیكەم بۆ ئـــەوەی بتوانم مافی خۆی پێبدەم، هەروەها هەوڵ دەدەم ســـیدییەك لـــە گۆرانییەكانی هونەرمەندان تەحســـین تەها و ئەردەوان زاخۆیی بڵاوبكەمەوە.

*** هەموو كاتێكی خۆت بۆ هونەرەكەت تەرخان كردووە؟**

- بێگومان هەر كەسێك هونەر بە جددی بكات خۆی ماندوو دەكات منیـــش یەكێكم لەوانە، هەروەها وەك كچێكی ئاســـاییش لەگەڵ هاوڕێكانم كاتم بەسەر دەبەم و بەردەوام سەیری دیمانە و چاوپێكەوتنەكانی هونەرمەنـــدان دەكەم بۆ ئەوەی لـــە هەموو رووەك ئەوەی پێویست بێت لێیان فێر بم.

*** حەز دەكەی زۆر لە رۆژنامە و گۆڤار و كەناڵەكان دەركەوی؟**

- بە هۆی بڵاوبوونەوەی سیدیەك و زۆر كلیپ من تا رادەیەك لە توركیا ناسراوم، بەڵام من بە دڵ حەز دەكەم ببم بە هونەرمەندێك كوردســـتانی و هەر لێرە نیشتەجێ بم، چەند جارێك لە TRT٦ داوەت كراوم، بەڵام نەچووم. ساڵی پار لە كەناڵی ئورفا میوان بووم هەرچەندە پێشكەشكارەكە بە توركی قسەی لەگەڵ دەكردم من هەر بە كوردی وەڵامم دەدایەوە.

*** لەو تەمەنە بچووكەدا كە خەڵك لە بازاڕ بتبینن و بتناسن هەست بەچی دەكەی؟**

- بێگومـــان هەمـــوو هونەرمەندێك حـــەز دەكات جەماوەرەكەی بیناســـێت ئەو كات هەست دەكات كە شتێكی پێشكەش بە میللەتەكەی كردووە و ئەمەش ئەركەكەی من زەحمەتتر دەكات.

***ئەی ئەگەر و داوای وێنەت لێ بكەن؟**

- بە راســـتی ئەگەر كچێـــك داوای وێنەیەكم لێ بكات زۆر ئاساییە و بە خۆشحاڵییەوە وێنەی لەگەڵ دەگـــرم، بەڵام بۆ وێنەگرتن لەگەڵ كوڕان تێكدەچم بەتایبەتی كاتێك وێنەیەكم بە تەنیا دەگرن هەرچەندە دەبێ هونەرمەند ســـنگی فراوان بێت، هەروەها زۆر لە تۆمار كردنی دەنگیش دەترســـم، چونكە لەوانەیە كەســـانێك هەبن ئەو وێنـــە و دەنگی هونەرمەند بۆ مەبەســـتی دیكەی خۆیان بەكار بهێنن و لە ڕێگای كۆمپیوتەرەوە دەســـتكاری بكەن و وێنەی رووت یان شتی دیكەن لەسەر دابنێن بەشێوەیەك كە كاریگەری هەبێت لەســـەر ناوبانگـــی هونەرمەند، بۆیە بە دوو دڵییەوە بە مۆبایل قســـە دەكەم، ئەمە لە لەخۆبایی بوونەوە نییە، باوەڕ ناكەم هونەرمەندێكی راستەقینە هەبێـــت لەخۆبایی بێت بە پێچەوانـــەوە هونەرمەند كەسێكی هەست و دڵ ناســـكە، خۆم كە كەسێكی هـــەژار دەبینـــم ئەگەر تەنیا پێنج هـــەزار دینار لە گیرفانم هەبێت پێمخۆشـــە پێشكەشی بكەم با خۆم برسی بم.

*** هیچ كاتێك مافت خوراوە وەك هونەرمەند؟**

- دوو جار مافم خوراوە،یەكەمیان كاتێك سیدییەكەم لە توركیا هێنا بۆ كوردســـتان ویســـتم خۆم بڵاوی بكەمەوە بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێت ئەو خەرجییەی كردوومـــە بـــۆم بگەڕێتـــەوە، كەچی بـــێ ئەوەی ئـــاگادار بم كۆپی كرا، دووەمیشـــیان لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەكانی كوردستان كلیپێكم بلاوكردەوە و چەند كۆنسێرتێكیشم ساز كرد، بەتایبەتی كلیپەكە بووە هۆی ئەوەی من نەتوانم بە ئاســـانی سەفەری توركیـــا و ئێران بكەم بۆیە هەســـت دەكەم لە مەشدا مافم خوراوە.

*** گۆرانی (ناز مەكە) سەركەوتوو بوو لەگەڵ عەزیز وەیسی دووبارەی ناكەیتەوە؟**

- نەخێـــر، چونكە پێموایە شـــتێك ئەگـــەر زۆر دووبـــارە ببێتـــەوە یان خۆم ئەگـــەر زۆر لە كەناڵەكان دەربكەوم خەڵك لێم بێزار دەبێت، بۆیە د و و بـــا ر ە كر د نـــە وەی ئـــەم كارە دەبێتە هۆی بێـــزار بوونی خەڵك.

*** ئاواتەكانت چین؟**

- مـــن لـــە منداڵییـــەوە بـــە ئاواتەوە بـــووم ببم بە هونەرمەنـــد و میللەتەكەم بمناســـێت، هەروەها لە دڵەوە حـــەزم دەكرد بێم لە كوردســـتانی ئازاد گۆرانی بڵێم و نیشتەجێ بم، ئەمانە هەردووكیان هاتوونەتە دی، تەنیا یەك ئاواتم ماوە ئەویش ئەوەیە لە نزیكە بە دیداری سەرۆك بارزانی شاد ببم هیوادارم ئەوەشم بێتە دی.



## نازدار:

# ئەگەر شوو بکەم بە ئاشکرا رایدەگەیەنم

ماوەیەکە لە دەزگاکانی راگەیاندنی کوردستان هەواڵی ئەوە بڵاودەکرێتەوە کە کچە هونەرمەندی باکووری کوردستان (نازدار) ژیانی هاوسەری پێکهێناوە و هاوسەرەکەشی هونەرمەندە.

بۆ بەدواداچوونی ئەم هەواڵە و دڵنیا بوون لە راستی و دروستی مەسەلەکە راستەوخۆ پێوەندیمان بە خاتوو (نازدار)ەوە کرد، بەڵام نازدار ئەم هەواڵەی بە نادروست لە قەڵەمدا و رەتیکردەوە و بێزاری و دڵتەنگی خۆی بەم جۆرە قسانە دەربڕی و وتی: من لەو کەسانە نیم کە بە نهێنی کار بکەم، وەك هەر مرۆڤێکیش ئاساییە ئەگەر ژیانی هاوسەری پێك بهێنم و کەسێك هەڵبژێرم ئەوا بە ئاشکرا لە میدیاکان رایدەگەیەنم و نایشارمەوە، بەڵام ئەم هەواڵە زۆر دوورە لە راستی و نازانم هۆکاری چییە ماوەیەکە هەواڵی لەم جۆرە دەربارەی من بڵاودەکرێتەوە و زۆریش دڵگران دەبم بەم جۆرە هەواڵانە جا دەربارەی من بێت یان هەر هونەرمەندێکی دیکە ئەگەر راست نەبن.

نازدار هەروەها ئەوەشی راگەیاند ئێستا بیر لە پێکهێنانی ژیانی هاوسەری ناکەمەوە و دەمەوێ زیاتر بە هونەرەوە سەرقاڵ بم، بۆ زانیاری ئێوەش ئێستا خەریکی خۆ ئامادەکردنم بۆ بەرهەمی داهاتووم و لە قۆناغی هەڵبژاردنی تێکست و ئاوازم بۆ بەرهەمە نوێیەکەم و هیوادارم بە دڵی جەماوەر بێت. لە لایەکی دیکەوە نازدار رایگەیاند کەوا ریکلامێکی تۆمار کردووە بۆ کۆمپانیای (زین)بۆ گەیاندن و ریکلامەکە لە وڵاتی لوبنان تۆمار کراوە لەگەڵ هونەرمەندێکی ناوداری عێراقی و بڕیار وایە بەم نزیکانە ریکلامەکە بڵاو بکرێتەوە و لە ماوەیەکی نزیکدا وردکاری زیاتر دەربارەی ئەم بابەتە و ناوی هونەرمەندەکە بڵاودەکرێتەوە

# کروزیش ئەستێرەیەکی هۆڵیۆدی وەرگرت

ئەستێرەی سینەمایی ئیسپانی پینیلۆپ کروز ئەستێرەیەکی تایبەتی خۆی لە شۆستەی بەناوبانگی هۆڵیۆد ئاشکرا کرد. میدیاکانی ئەمریکا بڵاویان کردەوە کە کروزی خاوەن خەڵاتی ئۆسکار، ئەستێرەکەی لەبەردەم شانۆی (ئال کاپیتان) لە شەقامی هۆڵیۆد وەرگرت و ژمارەیەکی زۆر لە ئەستێرەکان ئامادەی مەراسیمەکە بوون لەوانەش خافییر پێردیمی هاوسەری و جۆنی دیب کە بەشدارە لەگەڵی لە بەشێکی نوێی زنجیرە فیلمی (قراصنە الکاریبی).



# هونەرمەندان بۆ قژیان هەڵدەوەریت؟



بەم دواییە کچە گۆرانیبێژ لیدی گاگا رایگەیاند کە تەندروستی قژی تێکچووە لە ئەنجامی بەکارهێنانی بۆیەی جیاجیا بە مەبەستی جوان کردنی قژی.




بەپێی هەواڵێکی رۆژنامەی (سەن)ی بەریتانی کە لە مانگی رابردوو بڵاوکرایەوە ئەم لێدوانەی گاگا بووە هۆی ئەوەی زۆر لە ئەستێرەکانی دیکەش باس لەم گرفتە بکەن کە لە ئەنجامی بەکارهێنانی زیاد لە پێویستی بۆیە و ماددەی کیمیایی دووچاریان بووەتەوە وەك: برێتنی سپێرز، ئیلیزابێس هێرلی، ناومی کامبل.



رۆژنامەی ناوبراو وێنەی ئەم ئەستێرانەی بڵاوکردەوە و دەرکەوت کە دوچاری گرفتێکی راستەقینە بوونەتەوە، رۆژنامەکە ئەوەشی راگەیاند کە جگە لە هەڵوەرینی قژیان ئەم ئەستێرانە دوچاری گرفتی تریش بوونەتەوە وەك وشك بوون و رەق بوونی قژ، هەروەها رۆژنامەکە چەند ئامۆژگارییەکیشی پێشکەش کردووە بۆ پاراستنی قژیان و لە دەست نەدانی.





# رۆبی ساڵێک زیندانی دەکرێت

دادگای تاوانەکانی باج لە میسر بڕیاریدا کچە گۆرانیبێژی میسری رۆبی بۆ ماوەی ساڵێك زیندانی بکرێت.
ئەم بڕیارەی دادگا دوای ئەوە هات کە رۆبی خۆی دزیبەوە لەپێدانی بڕی ٢٠٠ هەزار جونەیهی میسری کە لەسەر رۆبی کەوتبوو وەك باج لە بەرامبەر بەشداری کردنی لە فیلمی (الوعد) لەگەڵ هونەرمەندی گەورەی میسری مەحمود یاسین، بەپێی بڕیاری دادگا لە بەرامبەر ئەو کرێیەی رۆبی لەو فیلمە وەریگرت وەك پاڵەوانی سەرەکی فیلمەکە پێویست بوو بڕی ٢٠٠ هەزار جونەیهی میسری وەك باج بدات، بەڵام رۆبی بە بەردەوام خۆی لەم کارە دزیبەوە، بۆیە دادگا ناچار بوو ئەم بڕیارە بدات.



# ئەساڵە لە مارەکانی مەیامی تۆقیوە

راگەیاندنکاری ناوداری لوبنانی نیشان ژمارەیەك هونەرمەندی عەرەبی داوەت کردبوو بۆ کەنارەکانی مەیامی ئەمریکی بۆ پێشکەش کردنی بەرنامەیەکی تایبەت و گەران بەناو چەند ناوچەیەکی گەشتیاری.
ئەساڵە نەسری و تاریق عەریانی هاوسەری ویستیان بە تەنیا پیاسەیەك بە نێو شەقامەکانی مەیامیدا بکەن و سەردانی شوێنێکی فرۆشتنی خشۆکەکانیان کرد، بەڵام دوای ئەوەی ئەساڵە چاوی بە مارەکانی مەیامی کەوت زۆر ترسا و هەڵوەستەیەکی کرد و ئەساڵە بەشێوەیەك لەم مارانە تۆقی بوو ئەگەر تاریقی هاوسەری نەبوایە رەنگە گەشتەکەی هەڵبووەشاندبوا و مەیامی جێهێشتبا.

شاڵاو:

# پێناسەی ئافرەت وەک مانای شیعر وایە



**چەند ساڵێکە شاڵاو ناوێکی دیارە لە نووسینی شیعر بۆ گۆرانیبێژان، بەتایبەتی بەرهەمەکانی هونەرمەند زەکەریا. ماوەی چەند ساڵە لەدەرەوەی کوردستان ژیان بەسەر دەبات. یەکەم هۆنراوەی بەناوی (شەپۆڵی چاوە شینەکانت) لەساڵی ١٩٨٩ لەرۆژنامەی هاوکاری بڵاو کردۆتەوە. لە دیمانەیەك لەگەڵ گۆڤاری گوڵان باس لەو هونەرمەندانە دەکات کە کاری لەگەڵ کردوون و شیعرەکانی ئەویان کردۆتە گۆرانی و پێی ناسراون.**

**دیمانە: رۆشنە عومەر**

*** سەرەتادەتوانین بڵێین یەکەم هۆنراوەت کەی و دەربارەی چی بوو؟**

- یەکەم هۆنراوەم کە نووسی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی بووم، ئەو کات بە هاورێکانم نیشان دا کە لە ئامادەیی لەگەڵمدابوون بەتایبەتی پۆلی شەشەکان باوەڕیان نەدەکرد کە خۆم نووسیومە لەبەر جوانی هۆنراوەکە، بەڵام یەکەم هۆنراوە کە بڵاوم کردەوە لە ساڵی ١٩٨٩ بوو لە رۆژنامەی هاوکاری بە ناوی (شەپۆڵی چاوەشینەکانت) کە ماوەیەکی کەم پاشتر لەلایەن مامۆستا کەمال غەمبار کرا بە عەرەبی لە رۆژنامەی (العراق) بڵاوی کردەوە کە بۆ من دەستکەوتێکی زۆر گەورەو خۆش بوو. زۆر کەس بەم هۆنراوەیە منیان ناسی.

*** شیعرەکانت لە چەند نامیلکەدا کۆکردۆتەوە؟**

- تا ئێستا هیچ نامیلکەم چاپ نەکردووە، تەنیا چەند هۆنراوەیەك نەبێ کە لەم لاو ئەولا چاپ کراون، بەڵام ماڵپەڕی خۆم هەیە خەڵك دەتوانن هۆنراوەکان بخوێننەوە و سەرنجیان بنووسن. ئەوەش ناونیشانی ماڵپەڕی منە(www.shallaw.com)

*** تاچەند سوودت لەشیعری کلاسیك بینیوە؟**

- زۆر سوودم لە شیعری کلاسیك وەرگرتووە، ئەگەر چی وەك دەق یان رێك وەرم نەگرتوون، چونکە سەرەتای خوێندنەوەم بۆ هۆنراوە بە هۆنراوەی کلاسیك دەستم پێ کرد، بۆیە پێموایە کاریگەری کلاسیك زۆرە لەسەر هۆنراوەکانم.

*** چ جیاوازییەك هەیە لەنێوان زمانی هۆنراوەی گۆرانی و هۆنراوەی ئاسایی؟**

- جیاوازییەکی بەرچاو هەیە لە نووسینی هۆنراوەی گۆرانی یان تێکستی گۆرانی لەگەڵ هۆنراوەی ئاسایی، من ناتوانم بڵێم زمانی شەقام، بەڵام دەتوانم بڵێم زمانێکی سادەتر و گشتی. هۆنراوەی گۆرانی پێویستی بە زمانێکی مۆسیقی هەیە و هەستێکی هونەری زیاتری دەوێ و زیاتر وردبینی و ئاسانکاری پێویستە، شاعیر دەبێ زیاتر شارەزایی هەبێت لە فەرهەنگی میللەتەکەی بۆ دۆزینەوەی ئەو وشانەی کە گشت کەس تێی دەگەن و هەستی پێ دەکەن. شاعیر دەبێ شارەزا بێت لە دۆزینەوەی رێگەیەکی خێراتر بۆ دڵی خەڵك و ئازارەکانی عاشقان هەموو یەك بخات، واتە کە قسە لەسەر عیشق بکات دەبێ هەموو عاشقان خۆیان بکەن بە خاوەنی ئەو هۆنراوەیە، چونکە شیعری گۆرانی دەبێ بە زمانی هەموو خەڵك بنووسرێ.

*** گەر سەیر بکەین ئێستا زۆرێك لەهونەرمەندە ئافرەتەکان گلەیی ئەوە دەکەن کە گوایە تێکست نووسی ئافرەتمان نییە، بەڵام ئێستا کۆمەڵێك تێکستنووسی پیاو هەن خۆیان لەجێگەی ژن دادەنێن و هۆنراوە بەسەر پیاو دەنووسن بۆ ئەوەی گۆرانیبێژە ئافرەتەکان بتوانن گۆرانی بەسەر پیاو بڵێن، رات چۆنە بەرامبەر بەمە؟**

- من هەرگیز بیرم نەکردۆتەوە شتێکی وا بکەم وەك ئەوەی ئێستا باوەڕم پێی هەیە، باوەڕیش ناکەم شتی وابنووسم، چونکە ئەوکاتە بە ئیحساسەوە نانووسێ دەبێتە بیزنســـێك، ئەندێشـــەو خەیاڵ هیچ رۆڵێکیان نابێت لـــەم هۆنراوەیە، شاعیریش زۆر جار خۆی بە خاوەنی ئەم شیعرە نازانێ یان بۆت ڕوون دەکاتەوە کە ئەوهۆنراوەی بە داوالێکراو نووسیوە، دەکرێ ژنیش بۆ پیاو بنووسێ یان بە پیـــاودا هەڵبدا، بەڵام نەك بە جوانی و چاو و برۆی پیاو، بەڵکو بە ئازایەتی و زیرەکی و لاوچاکی مەردایەتیدا.

*** تاکو ئێستا چەند هۆنراوەت کراوەتە گۆرانی لەلایەن هونەرمەندەکان؟**

- تائێســـتا لـــە نێوان ســـی تا چـــل هۆنراوەم کـــراوە بە گۆرانـــی لەلایەن هونەرمەندانەوە.

*** هیچ گلەییت هەیە کە هۆنراوەکانی تۆیان شێواند بێت یاخود ئاوازەکەت بەدڵ نەبێت؟**

- تائێستا هیچ گلەییم نەبووە لەوانەی هۆنراوەکانی منیان کردووە بە گۆرانی، بەڵکو بە پێچەوانەوە پێخۆشحاڵ بوومە.

*** بۆچی زۆربەی هۆنراوەکانت لەلایەن هونەرمەند زەکەریا کراونەتە گۆرانی؟**

- نزیك بوونم لە هونەرمەند زەکەریا بە تایبەتی لە ســـاڵەکانی ۱۹۹۹ تاکو ۲۰۰۵ ئەوکاتەی زەکەریا لە سوێد بوو زیاتر بە یەکەوە بووین و زیاتر کاری هونەریمان دەکرد، ئەوە لەلایەك. لە لایەکی تر من خۆم زۆر دەنگی زەکەریاو شێوازی گۆرانی وتنەکەی زەکەریام لا خۆش و سەرکەوتووە، لەسەرەتاکانی ســـەرهەڵدانی زەکەریا واتە لە بەرهەمەکانی یەکەم و دووەم و ســـێیەم زیاتر شیعرم بۆ هونەرمەند زەکەریا دەنووسی یان بڵێین زیاتر زەکەریا ئاوازی خۆش و جوانی بۆ هۆنراوەکانم دادەنا.

***زەکەریا لەبەرهەمی ئەم جارەی، بۆچی تێکستەکانی تۆی نەکرد بەگۆرانی؟ بەنیاز نیت لەبەرهەمی داهاتووی تێکستەکانی خۆتی پێبدەی**





***بۆئەوەی بیان کات بەگۆرانی؟**

- دووری مـــن لە زەکەریا و نەبوونی کاتی تەواوم بۆ نووســـینی هۆنراوەو یارمەتیدانی، وایکرد نەتوانم بەشـــداری دوا بەرهەمی زەکەریا بکەم، ئەگەر چی سێ چوار هۆنراوەی منی کردبوو بە گۆرانی، بەڵام لەکاتی دیاریکراودا من نەمتوانی هۆنراوەکان تەواو بکەم و هۆنراوەکانم بە نیوە نیوە نووســـیبوو، لـــە بەرنامەمدا هەیە کە لە بەرهەمی ئایبندەی بتوانم بە شـــێوەیەکی باش هەندێك لە گۆرانیەکان لە هۆنراوەی من بێت.

*** پێوەندیت چۆنە لەگەڵ هونەرمەندان؟**

- پێوەندیـــم زۆر باشـــە لەگـــەڵ زۆربـــەی هونەرمەنـــدان بەتایبەتی ئەو هونەرمەندانـــەی لـــە دەرەوەی وڵاتن. هـــەر جارێکیش کـــە دەگەڕێمەوە کوردســـتان سەردانیان دەکەم و پێم خۆشە بیانبینم، مەبەستم ئەوانەیە کە لە کوردستانن.

**- چ یادگاریەکت هەیە لەگەڵ هونەرمەندەکان کە لات خۆشبێت؟**

زۆر یادگاریـــم هەیە کە لەگـــەڵ هونەرمەندانی کوردســـتان و بیریان لێ دەکەمـــەوە، بەتایبەتی لەگەڵ هونەرمەند زەکەریا زۆر یادگاری خۆش و لە بیرنەکراومان هەیە کە زۆر جار بەسەرماندا دەهات لە کاتێك کە لە زۆربەی شارەکانی سوێد خەریکی کاری هونەری بووین..

*** یەکەم تریەی عیشق لەدڵت کەی لێیدا؟**

- زۆر زوو.

*** ئافرەت لای تۆ چی دەگەیەنێت؟**

- ئەوپرســـیارەیە کە زۆر کەس نەیانتوانی وەڵامی بدەنەوە، ئەوتێگەیشتنەیە کە هەرکەس بە جۆرێك تێی دەگا..لای من پێناسەی ئافرەت وەك پێناسەی شـــیعر وایە، کە مرۆڤ توانی پێناســـەی شـــیعر بکات دەتوانێ پێناسەی ئافرەتیش بکات، بەڵام من پێموایە ئافرەت کەناری دەریای ئارامییە.

*** تاراوگە چی پێبەخشیوی و چی لێسەندووی؟**

- تاراوگە ئەگەر بۆ زۆر کەسان مایەی خۆشی بوویێت، بۆ من تەنیا خەم و پەژارەو دووری پێ بەخشـــیووم و فرمێســـکی پێ رژیوم، خۆشەویستی کوردستان و دایکمی لێ سەندووم واتە دووری خستوومەتەوە لە هەموو شتە جوانەکانی کە لەناو دڵمدان و وەك نەقشـــی سەر بەرد هەڵکەندراون، تاراوگە کۆمەڵێك نەخۆشی پێ بەخشیوم و کۆمەڵێك خۆشی لێ سەندوومەتەوە..

**پرۆفایل**

- ڕەشـــید عەلی لەســـاڵی ۱۹٦٥لەگوندی سەربەشاخ ســـەر بەناوچەی کەندیناوەلە دایکبووە.

- خوێندنی ســـەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی مامۆســـتایانی لە هەولێر تەواو کردووە بۆ ماوەی دوو ساڵ کۆلێژی یاسای لە هەولێر خوێندووە.

- لەســـاڵی ۱۹۹۷چۆتە دەرەوەی کوردســـتان و ئێســـتا لە وڵاتی ســـوید نیشتەجێیە. مامۆستایە لەیەکێك لە قوتابخانەکانی وڵاتی سوید.